کـەسـیرە

وەرەوە..

بە بیابانی رۆحما تێپەڕە با سەوز بێ ..

چ جەنگەڵێکی تاریکە و .. تیا ماوم ..

کوا چرای چاوەکانت ..؟

لەو رۆژەوەی تۆ لە ئاوەدانیی دڵم دەرچوویت

من بوومەتە خەراباتێك

ملیۆنەها گەڵای زەردیش لەبەر پێما کەوتوون

وەرە ئەی هوزاری بەهەشتی ..

وەك ئەوسا لە ناخما بچریکێنە

با گوڵا ، گەڵا .. چرۆ دەرکەم

دەخیلتم .. ئەی مەسیحی موحیبەتی من

دە هاوارێ..

موعجیزەی تۆ نەبێ

لە نێو گۆڕی هەزار پێ قووڵا ..

ئاخۆ کێبێ ... من دەربێنێ ..؟

ئەو رۆژە بوو کە گیرۆدەت بووم ..

لە کەنار دەریایەك گۆرانیت دەچڕی ..

شەپۆلە نووستووەکان وەئاگا هاتن .. کەوتنە سەما ..

ماسی و مەرجان و نەهەنگەکان سەرئاوکەوتن

چ ئاوازێك .. چ چریكەیەك .. چ سیحرێ بوو ..؟

پیاسەت دەكرد .. لە هەر شوێنێ پێت هەڵدەگرت ..

كانیاوی كەوسەرێك دەتەقی

كە بە تەك رەز و باخە مردووەكانا تێپەڕیت

درەختەكان بەریان دەگرت

شەوانەش .. كە قژت رادەخست و لەسەری دەنووستی

مانگ و ئەستێرەكانی ئاسمان .. دادەبەزین

لە پەنجەرە و كلاورۆژنەو دەرگا وازەكانەوە ..

چەمۆڵەیان لەو پیاوانە دەگرت

كە دڵیان دەخیلەی پارەیە و

حەزیان لە خەمی تۆ نەدەكرد ..!